
## ئیسماعیل خەیات:

# ئێستا هونەری شێوەکاری کوردی زۆر لە جاران باشترە

■ ئیسماعیل خەیاتی شێوەکار لەساڵی (١٩٤٤) لە خانەقین لەدایك بووە و خانەی مامۆستایانی بەعقوبەی تەوا کردووە و ئەندامە لە کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و کۆمەڵەی شێوەکارانی جیهان (I.A.A).بەشداری زیاتر لە شەست پێشانگای هاوبەشی لە (شارەکانی کوردستان، بەغداد، سوریا، ئەردەن، ڕوسیا، ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کۆریای باشوور، ژاپۆن، فەرەنسا، سوید، نەمسا، سویسرا، دانیمارك، ئەمریکا، ئەڵمانیا) کردووە و چالاکی هەبووە لە بواری دیکۆر کێشان، هێڵکاری و دیزاینی نێو کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، هەروەها کۆمەڵێك بەرهەمی لەسەر تیشێرت و کارتی ڕەنگاو ڕەنگ لە ژاپۆن چاپ کراوە.هەروەها خەڵاتی داهێنانی بواری شێوەکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێبەخشراوە و ئێستا خانەنشینە و هەموو کاتەکانی تەرخان کردووە بۆ کاری هونەری.■



دیمانە / خەلیل بلەیی

***سروشت و تراژیدیاکانی کوردستان چۆن ڕەنگی داوەتەوە لە کارەکانتدا؟**

- هەڵبەتە من لە ساڵانی پێشوودا بەشێوەیەکی ڕیالیستی سروشتی کوردستانم وێنە کێشاوە.

*** ئەی ئافرەت؟ کە دەڵێم ئافرەت مەبەستم، جوانی، میهرەبانی، خۆشەویستی ئەمانە هەریەکیان چ پێگەیەکیان هەبووە لە کارەکانی ئیسماعیل خەیاتدا؟**

- ئافرەت تاکو ئێستا پانتاییەکی زۆر داگیر کردووە لە کارە هونەریەکانم، ئەو سەردەمەی کە بە سەردەمی زێڕینی کارە هێڵکارییەکانم بوو ئافرەت بەشێوەیەکی ڕەمزی و تەعبیری لە هەندێك لە کارەکانمدا دەردەکەوت و لە ساڵی ١٩٧٥ کە ئەو کات پێیان دەگوت ساڵی ئافرەتانی جیهانی، چونکە کۆنگرەیەکی جیهانی لەو ساڵەدا ئەنجامدار، من ئەو کات پیشانگایەکی تایبەتم لە زانکۆی سلێمانی بەو بۆنەیە ساز کرد، ئەمەش بەڵگەی ئەوەی کە وێنەکێشانی ئافرەت وەك شتێکی سەرەکی جێگای خۆی کردبۆوە لە کارە هونەرییەکانمدا، دوای ئەو و پێش ئەویش ئافرەت هەر زیندوو بووە لە کارەکانی مندا، بەڵام دوای ساڵانی نەوەدەکان و تا ٢٠٠٠ زۆر بە چڕی و بەردەوام شێوەی وەکو ڕەمز بەکار دەهێنم وەکو دایك، خوشك، خۆشەویست، هاوسەر، واتە وەك بابەتێکی جوان و زۆر گرنگ لەم دنیایە پانتاییەکی زۆر زۆر گەورەتری داگیر کردووە لە هونەرەکەم، ئەوەی کارە تازەکانم ببینێت زۆر بە ڕوونی هەست دەکات کە وێنەی ئافرەت دەردەکەوێت، هەندێك جار ئەم وێنەیە تێکەڵ دەکەم لەگەڵ شێوەی جەستە و ڕەنگ و ڕووی ئافرەت، لەگەڵ سروشت و شاخ و چیاکان، هەندێك جاریش تێکەڵی دەکەم بە بابەتی ماسی و باڵندە و بگرە مۆسیقاش، هەوڵ دەدەم بە تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە هارمۆنیك دروست بکەم و لە هونەرەکەمدا دەرکەوێت.

***لە شێوەکاری شتێك هەیە بەناوی شێوەکاری نێر یان مێ و ئایا تایبەتمەندی خۆیان هەیە؟**

-هەڵبەتە ڕەخنەگر یان ئەو کەسەی کە بەدواداچوونی هەیە بۆ هونەری شێوەکاری جا بۆ ڕەگەزێکیان بێت لەوانەیە سروشتی ڕەگەزەکە بەسەر کارەکەیدا دەرکەوێت، بەڵام لەجیهاندا نموونەی باش هەیە کە هونەرمەند تەنیا کارەکەی دەربڕی ڕەگەزەکەی خۆی بێت، یان تایبەت بێت بە ڕەگەزەکەی خۆی بێت، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ ڕەگەزەکەی تر چ لای پیاو بێت یان ئافرەت، بەڵام ئەگەر بێین تاموچێژی ئەو هونەرە دەستنیشان بکەین کە لەلایەن پیاو یان ئافرەتەوە ئەنجامدراوە، ئەو دەستنیشانکردنە دەکرێت لە هەمان کاتدا سروشتییە و هیچ زیانێکیشی نییە، بەهەر حاڵ لەمانە لەهەمووی گرنگتر پێشکەوتنی ئاستی هونەری ئەو ڕەگەزەیە کە کارەکەی ئەنجامداوە و بەرهەمی هێناوە، ئێمە ناتوانین زۆر بە ڕوونی بڵێین ئەمە هونەرێکە کاری پیاوە یان ئەمە هونەرێکە کاری ئافرەتە، ڕەنگە هەندێك جار ئەم جیاوازیەشمان بۆ دەرکەوێ، بەڵام تێکڕای تاقیکردنەوەکان لە ئەنجامدا تێکەڵ دەبن کە پێی دەڵێن بەرهەمی هونەری کە هەندێك جار تێکەڵ دەبن و هەندێك جار جیا دەبنەوە و ئەمە دەکەوێتە ئەسڵی ئەو هونەرمەندە لە هەردوو ڕەگەزەکە یان لە سروشتی خۆیدا هەوڵێك دەدا ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆی لەدەربڕینی کارە هونەریەکانی.

***ئەکتەر و شانۆکاران بەتایبەتی لەسەردەمی حەفتاکان و هەشتاکان بە سەردەمی زێڕین دادەنێن، ئایا ئێمە لە بواری شێوەکاریدا سەردەمێکی دیاریکراومان هەیە کە شانازیی پێوە بکەین؟**

-بە ڕای من هەڵسەنگاندنی ئەمە کارێکی وا ئاسان نییە، ئێمە ناتوانین بەرهەمی هونەری هونەرمەندانی شێوەکار لە هەردوو ڕەگەزەکەی ئێستا بەراورد بکەین لەگەڵ حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، چونکە هەر سەردەمێك نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، ئێستا هونەرمەندانی شێوەکار ژمارەیان زۆر بووە و هەلی خوێندن و بەدواداچوونیان فراوانتر بووە و کۆمەڵێکیان چوونەتە ئەو وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا خوێندنیان تەواو کردووە، بەڵام خوێندنەوە بۆ هونەری شێوەکاری لەم وڵاتە زۆر تازەیە، جوڵەی ڕەخنەگریمان نییە و ئەگەر هەندێك جار لێرە و لەوێ هەندێك نووسینمان هەبێت، بەڵام دەبێ ڕەخنەگر بەڕاستی بگاتە ئاستێکی ئەکادیمی باش ئینجا بتوانێت ڕەخنە بنووسێت و هەڵسەنگاندن بۆ هونەری شێوەکاری هەردوو ڕەگەزەکە بکات، بە هەر حاڵ من ناتوانم ئێستا دەستنیشانی ئەوە بکەم چ سەردەمێك زێڕین بووە یان گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، ئێستا هونەری شێوەکاری کوردی زۆر لە جاران باشترە، بەڵام تەوزیف کردن و ڕەخنەگرتن یان سازدانی هەڵسەنگاندنی بەشێوەیەکی هاوچەرخ



یەکێکە لەلایەنە بێهێزەکانی هونەری شێوەکاری کوردی، لەبەر ئەوە هەندێك شت لەلایەن بینەر و ئەو کەسانەی لەسەر مێژووی هونەر و جوڵەی هونەری شێوەکاریش دەنووسن، هەندێك جار حەقی ئەوەی پێ نادەن لەبەر ئەوە دەبینین بۆشاییەکی گەورەمان هەیە لەم ڕووەوە بەهیوام ئەمانەش پڕ بکرێتەوە، چونکە پێویستمان بە ڕەخنەگری باش هەیە، ڕەخنەگرێکمان پێویستە کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی نرخی هونەر بزانێت و چۆن هەڵسەنگاندنەکە بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام بدات، جوڵەی ڕەخنەی شێوەکاری کوردی زۆر زۆر لاوازە تەنانەت هەندێك جار دەتوانین بڵێین هەر نییە.

*** لە سەرتاسەری جیهان ژانرەکانی هونەری جەماوەر و هەواداری خۆی هەیە، بۆچی وەکو پێویست کورد گرنگی بە شێوەکاری نەداوە؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە ناتوانین چێژ وەرگرتن لە هونەرەکان تێکەڵ بکەین، بۆ نموونە گۆرانیبێژێك ئاستی جەماوەری بەرزە و خاوەن جەماوەرێکی زۆر زیاترە لە هونەرمەندێکی موزیك ژەن یان ئاوازدانەرێك و تێکستنووسێك، ڕەنگە سینەماکاریش لە هی شانۆیی زیاتر بێت، ئەمانە هەمووی جیاوازی دروست دەکات، شێوەکاری هونەرێکی تازەیە لە کوردستانی خۆمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەری خۆی هەیە و مەرجیش نییە ئەم جەماوەرە بە ژمارە بەراوردی بکەین لەگەڵ جەماوەری هونەرەکانی تر، هەر هونەرێك سروشتی خۆی هەیە، من لەو بڕوایەم لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش جەماوەری هونەری شێوەکاری بە ژمارە و قەوارە بە قەد جەماوەری هونەرەکانی تر نییە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە ئاستی هونەرەکە کەم بکرێتەوە، تۆ قسەیەکی جوانت کرد سروشتی هونەرەکە زۆر بۆی هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر ژمارەی جەماوەری ئەم هونەرە، بەڵام ئەو چێژەی لە هونەری شێوەکاری وەردەگیرێت ئەوە زۆر جیاوازە لەو چێژەی ئێمە لە گۆرانی و سینەما و شانۆ وەریدەگرین، لەبەر ئەوە سروشتی هونەرەکە خۆی ئەوە دەسەلمێنێت کە جیاوازیەکە دروست دەکات، لەمە گرنگتر مێژووی هونەری شێوەکاری کوردی نوێیە بە نیسبەت کوردەوە، بەر لە چەندین ساڵ هونەری شێوەکاری کورد بەو شێوەیەی ئێستا دەرنەکەوتووە، بەڵکو لە ڕێگای نەخش و نیگار و مافور و بینا، هەروەها کوردستان وڵاتێکی سەرەڕێگا بووە شەڕ و شۆڕی زۆری تێدا ڕوویداوە زۆر لە پاشماوە هەیە کە خەڵکی تر خۆی لێدەکاتە خاوەن، ئەم کارە پێویستی بە دراسەی زۆر قوڵتر هەیە، بەشێوەیەکی گشتی جەماوەری هونەری شێوەکار لە دوای ساڵانی ٢٠٠٠ زۆر زیاترە لە ساڵانی پێشتر.



# ئەلیسا ئیعتیراف بە ماجیدە ناکات

خانمە هونەرمەندی ناوداری لوبنانی و عەرەبی ماجیدە ئەلرومی هەفتەی ڕابردوو لە پلەی یەکەم هات وەك خاوەنی پڕفرۆشترین بەرهەمەکانی ڤێرژن مێگاستۆرز لوبنان ئەویش بە بەرهەمە نوێیەکەی کە بەر لە ماوەیەك بڵاوی کردەوە.

بەڵام ئەلیسا ئیعتیرافی بەمە نەکرد، چونکە پێشتر بۆ دوو هەفتە لەسەر یەك پلەی یەکەمی هەبوو و ئێستاش سوورە لەسەر ئەوەی کە هەر خۆی خاوەنی پلەی یەکەمە و ئیعتیراف بەوە ناکات کە ماجیدە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و کاریگەریشی هەبووە لەسەر شوێنی ئەو، لەلایەن خۆیەوە ماجیدە هیچ لێدوانێکی ڕانەگەیاندووە دەربارەی ئەم هەڵوێستەی ئەلیسا و وەك هەمیشە ئەلیسا بە یەکێك لە کچە هونەرمەندە سەرکەوتووەکان دادەنێت لەسەر ئاستی لوبنانی و وڵاتانی عەرەبی.





# باشترین ئەکتەر لای ئۆباما

بۆ ساڵی دووەم خانمە ئەکتەری ئەمریکی کلیر دانس خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی (هۆمیلاند) کە خەڵاتی (گۆلدن گلەپ)ی بەدەستهێنا وەك باشترین کاری درامی.

دانس کە لە لایەن باراك ئۆباما بە باشترین ئەکتەر دادەنرێت لەم بەشە نوێیەی زنجیرەکەدا ڕۆڵی دایك دەبینێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ماوەیەدا باشترین کارەکان بە کوالیتی بەرزەوە لە سینەماوە دەگوازرێنەوە بۆ تەلەفزیۆن کە زۆرترین ئەکتەری ئافرەتی بە توانا لەخۆ دەگرێت لەوانەش کلیر دانس کە هەمیشە لە پشت ڕۆڵە زەحمەت و ئاڵۆزەکان دەشاردرێتەوە لەجیاتی ئەوەی ڕۆڵەکانی ڕەنگدانەوەی کەسایەتییەکەی بن کە ئەستێرەیەکی سەرنجڕاکێشە.
کلیر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە کاری هونەری کرد و بوو بە سیمبولێك بۆ خۆشەویستی لەلایەن گەنجە هەرزەکارەکان ئەویش لە زنجیرەی (ڕۆمیۆ و جولییت) و زنجیرەی (ماس سۆ کۆلد لایف)، بەڵام دوای ٢٠ ساڵ ئینجا ڕۆڵێکی دۆزییەوە کە لە ئاستی تواناکانی خۆیدا بێت و ناچار بوو لە سینەماوە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ تەلەفزیۆن لەپێناو ئەم ڕۆڵەدا و ئێستا بە یەکێك لە کاریگەرترین کەسایەتییە جیهانییەکان دادەنرێت.



## کانی هەڵەبجەیی:

# لە کوردستان و ئەورووپا ئاستەنگ هەیە لە بەردەم هونەرمەند، بەڵام جیاوازن

کانی هەڵەبجەیی شـاعیر و گۆرانیبێژە، بەڵام زیاتر لە شیعرەوە نزیکەوە، هەروەها قوتابی بەشـی ڕاگەیاندنە لە سـوید و ماوەیەك بەر لە ئێسـتا بە سـەردانێك بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری لە کوردسـتان بوو، پێشتریش بۆ یادی هەڵەبجە لەگەڵ گۆرانیبێژ حەمید عوسمان سروودێکی هاوبەشـیان بەم بۆنەیەوە بڵاوکردەوە، بەکورتی چەند پرسـیارێکی کورتمان ئاراستەی کرد.

دەربـارەی ئەو ئاسـتەنگە جۆراوجۆرانەی کە دێنە بـەردەم هونەرمەند بەتایبەتی ئافرەتان و ئایا خودی خۆی ڕووبەڕوویان بووەتەوە، کانی وتی:

- لە هۆڵەندا بە سروودێك بۆ یادی هەڵەبجە دەستم بە کاری هونەری کرد، گرفتەکان لە هۆڵەندا بریتی بوون لە نەبوونی سپۆنسەر و گرفتە تەکنیکییە جیاجیـاکان، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هیچ ئاسـتەنگ و گرفتم نەهاتە پێش، چونکە ئەو کارەم بۆ هەڵەبجە بووە بۆیە بە ئاسایی وەرگیرا و شتێکی وا نەکرا کە بتوان بە ئاستەنگی ناوبنێم، دواتر بڕیارمدا بگەڕێمەوە کوردستان بۆ ئـەوەی زیاتر لە بواری هونەریدا کار بکـەم، بۆیە گۆرانییەکم لەگەڵ حەمید عوسـمان تۆمار کرد، بەڵام هەستم کرد هەندێك گرفت و ئاستەنگ هەیە لێرە زۆر زیاترە لەوەی کە لە ئەورووپا هەیە، لە کوردسـتان سپۆنسـەر دەدۆزرێتەوە موزیکژەن زۆرن، بە هەمان شێوە لە بواری کلیپ و تەکنیکەوە هیـچ گرفتێك نییە، بـەڵام لە بواری کۆمەڵایەتییەوە بە داخەوە هەسـتم بە گرفتی گـەورە گەورە کرد وەك ئافرەت پێویسـتە زۆر زۆر ئاگاداری پاراستنی کەسایەتی خۆت بی، تەنانەت دەگاتە هەندێك حاڵەت کە ناتوانی خـۆت بی، دەبێ زۆر بە وریایانەوە مامەڵە بکەی بۆ ئەوەی خەڵك باسـت نەکات یان قسـەت بۆ دروست نەکەن، من زۆر بە زەقی هەستم بەو ئاستەنگانە کردووە.

سەبارەت بەوەی وەك کچە هونەرمەندێك یان وەکو هەر کچێکی ئاسـایی تا چەند هەستی بەو ئاستەنگانە کردووە، کانی وتی:

-بێگومان وەك هەر ئافرەتێکی ئاسایی ڕووبەڕووت دەبێتەوە، چونکە من ناتوانم بڵێم هەموو کەس من دەناسێت، کە دەچمە هەندێك شوێن جلوبەرگێکم لەبـەرە بەلای منـەوە زۆر ئاسـاییە، بەڵام کەسـانێك هەن بەچاوێکی ترەوە وەکو ئافرەت سـەیرت دەکەن، ئەگەر بۆ ئافرەتێکی ئاسایی ئەم ئاسـتەنگانە هەبن بێگومان بۆ ئافرەتی هونەرمەند زۆر زیاتر دەبن.





# مۆنیەی بچووک جیهانی سەرسام کردووە

کیـرۆن ولیامسـۆن منداڵێکی تەمەن ٩ سـاڵەی ناوچـەی نۆرڤوکە لە ڕۆژهەڵاتـی ئینگلتەرا، بەڵام خـاوەن بەهرەیەکی هونـەری زۆر بەرزە لە نیگارکێشی تا وای لێهاتووە نازناوی (مۆنیەی بچووك)ی پێ بدەن.

بـەم تەمەنە بچووکە خەریکە کیرۆن دەبێتە یەکێك لە ملیاردێرەکان، چونکە دواییـن کۆمەڵە لە کارەکانی کە لە ٢٤ تابلـۆ پێکدێت بە بڕی ٢٥٠ هەزار جونەیهی ئیسـترلینی فرۆشران دەکاتە ٤٠٠ هەزار دۆلار، ئەم تابلۆیانەش لە مەزادێکی ئاشـکرادا بە کاتێکی پێوانەیی فرۆشران، چونکە لە ماوەی تەنیا ١٥ خولەکدا گشت تابلۆکانی فرۆشران چ لە ڕێگای تەلەفۆن یان ئەنتەرنێت یان بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو کەسـانەی ئامادەی بوون. دایك و باوکی کیرۆن لە ساڵی ٢٠٠٨ هەستیان بە بەهرە لەبن نەهاتووەکانی کرد کاتێك لە یەکێك لە گەشتە خێزانییەکاندا چەند تابلۆیەکی کێشا، تابلۆکە بەشێوەیەك بوو کە بووە مایەی سەرسـوڕمانی خودی بنەماڵەکەی، چونکە پێشتر تەنیا ئـەو تابلۆیانەی ڕەنگ دەکرد کە ئامادە بـوون و باوکی بۆی دەهێنان وەك هـەر منداڵێکی دیکە، بەڵام ئێسـتا خەریکە دەبێتە یەکێـك لە هونەرمەندە بەناوبانگەکان، چونکە تابلۆکانی بە نرخی خەیاڵی دەفرۆشرێن.

# نیکۆل سابا بە ڕیکلام و کلیپ دەستی پێکرد



زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە ئێستا ناوبانگ و جەماوەرێکی زۆریان هەیـە لەسـەر گۆڕەپانی هونەری و پێشـتر کاری جیاجیان کردووە و یەکسـەر ڕوویان لە کاری هونەری نەکـردووە، لەوانە مۆدیل یان نمایشـکاری جلوبەرگ یان یان کاری ڕیکلامیـان کردووە. نیکۆل سـابا کە ئێسـتا لە هەردوو بواری گۆرانی و نواندن بە سەرکەوتوو دادەنرێت بەر لەوەی بێتە نێو بواری هونەری بە ڕیکلام دەستیپێکرد و لە چەند کلیپێکیشـدا بەشدار بوو دواتر بوو بە یەکێك لە ئەندامەکانی گرووپـی فۆر کاتس ئەو کاتەش گرووپەکە لـە لوتکەدا بوو، دواتر بەشـداری کرد لە فیلمی (التجربە الدانمارکیە) لەگەڵ عادل ئیمام بەمەش ناوبانگێکی زیاتری لە میسـر پەیـدا کرد و ئەم فیلمە وەك دەروازەیەك بوو بۆ نیکۆل تاکو ڕوو لە میسـر بکات و بەشـداری لە چەندین کاری دیکەی جیاجیادا کرد. بەر لە چەند ڕۆژێك ڕیکلامێك لە تۆڕی یوتیوب بڵاوکرایەوە کە مێژووەکەی بۆ نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و نیکۆل سـابا لـەم ڕیکلامەدا دەردەکەوێت ئەو کاتە تەمەنی نزیك بیست ساڵێك دەبوو.

# دراما كوردییەكانی مانگی ڕەمەزان





جیا لە ڕەمەزانی ساڵی پار، ڕەمەزانی ئەمساڵ لە ڕووی درامای كوردییەوە پڕ بەرهەمترە. ساڵی پار تەنیا درامای (ڕەیحانە) وەك بەرهەمێكی تازە پیشاندرا لەگەڵ دووبارەكردنەوەی درامای (مەمیَ ئالان) بەڵام ئەمساڵ لە ڕەمەزاندا چوار (٤) درامای تازە بەرهەم هاتوو دەبینن. كە پێموایە یەكەم ساڵە و یەكەمین مانگی ڕەمەزانیشە (٤) درامای كوردی تازە بەرهەم هاتوو پێشكەش بكرێت.

دراماكانی ئەم ڕەمەزانەش بریتین لە درامای (كەركوك ٤) لە دەرهێنانی مامۆستای بەتوانا ناسرحەسەن كە ٢٥ ئەڵقەیە و باس لە ساڵانی ٨٠ تا ٨٤ی شاری كەركوك دەكات كە شاری پێكەوە ژیان و خەباتی پێكەوە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵكەكەی بووە. ڕەنگە ئەم درامایە جەماوەرێكی زۆر لەخۆی كۆبكاتەوەو دەنگدانەوەیەكی زۆر دروست بكات. چ لە ڕووی جەماوەری و چ لە ڕووی هونەرییەوە، بەرهەمەكەش بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە.

درامای دووەم درامایەكی كۆمێدیە لە (٢٥) ئەڵقە پێكهاتووە و لە چیرۆكێكی عەزیز نەسین وەرگیراوە بەناوی (كارەباچی ) كە ئازاد حەمە سیناریۆی بۆ نووسیوە و هونەرمەند (بەكر مەعروف) دەری هێناوە. دراماكە لە پاڵەوانێتی ئەیام ئەكرەم ناسراو بە شەمۆیە، لەگەڵ كۆمەڵێك ئەكتەری كۆمێدی شاری هەولێر، بەرهەمەكەش پتر كارێكی كۆمێدی تەنزئامێزە و جەماوەر حەزی لێدەكات. ئەم بەرهەمەش لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەرهەمهاتووە.

بەرهەمی سێیەم درامای (دوا بڕیاری یاقووب) كە لە بەرهەمهێنانی كۆمپانیای بابلیۆن و دەرهێنانی هونەرمەند (لوقمان غەریب)ە كە پارساڵ (ڕەیحانە)ی دەرهێنابوو. ئەم درامایەش لە (٤٠) ئەڵقە پێكهاتووە و درامایەكی كۆمەڵایەتییە و باس لە چەند پیاوێك دەكات، دەیانەویَ بە هەرشێوەیەك بێت ئافرەتێك دەستەبەر بكەن و بە سامانەكەی بگەن.



درامای چوارەم درامای (دوو پشك)ە كە بەرهەمی كۆمەڵەی هونەری و وێژەی سلێمانیە و لە دەرهێنانی (مەهران خەلیل)ە. لە ٣٠ ئەڵقە پێكهاتووە و درامایەكی كۆمەڵایەتییە.

پرسیار لێرەدایە ئایا لەنێو گێژاوی ئەم هەموو دراما عەرەبی و ڕەنگە توركی دۆبلاژكراوە عەرەبییەی مانگی ڕەمەزان كە ڕەنگە بكاتە پتر لە ١٧ دراما، ئەو (٤) دراما كوردییەی خۆمان چۆن دەتوانن بینەری كورد لەخۆی كۆبكاتەوەو بچێتە نێو ماڵی خەڵكەوە، بەتایبەت لە ڕەمەزانێك كە لەهاویندایە و خەڵك ئەوەندە لەبەر تینی گەرما حەوسەڵەی نییە لە ماڵەوە دابنیشیَ و زۆربەیان بەشەو دەچنە دەرەوە.



هەر بۆ ئەم مەبەستە بیرۆكەیەك هەیە كە ئەویش بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەنیازە لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵدا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی شاشەیەكی سكرینی گەورەوە لە پاركی شانەدەر شەوانە دراما كوردییەكانی بەرهەمهاتووی خۆی بە تایبەتیش (كەركوك ٤) كە درامایەكی گرنگ و دیارە بگوازێتەوەو خەڵك لە دەرەوە و لە پاركدا لە بینینی بیَ بەش نەبن. بەتایبەتیش ئەم درامایە كە ٤ زمانی تێدایە كوردی عەرەبی، توركی، مەسیحی، لەو حاڵەتەدا گەشتیارە عەرەبییەكانیش سەیری دەكەن و چێژی لێوەردەگرن، دووریش نییە چەند كەناڵێكی ئاسمانی پێكەوە ئەم درامایە پێشكەش بكەن.

ڕەمەزانی پیرۆزی ئەمساڵ پێمان دەڵیَ كە ئایا تا چەند درامای كوردی لەمەودوا دەتوانیَ لەسەر پێی خۆی بوەستیَ و بەردەوام بیَ. چونكە ئەم (٤) دراما كوردییەی مانگی ڕەمەزان لەنێو لێشاوی درامای بیانیدا دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ ناو پرۆژەی ڕابردوو.

پشتیوان عەبدوڵڵا ئەحمەد

# لە هونەرەوە بۆ خانمی یەکەمی وڵات



## ئەنجیلیکا ڕیفیرا

ئەنجیلیکا ڕیفیرا تا ماوەیەك تەنیا ئەکتەرێکی مەکسیکی بوو پاڵەوانی زنجیرەکان و خاوەن جەماوەرێکی دیاریکراو و تایبەت بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئینریکی بینیا نییتوی هاوسەری لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مەکسیك سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ریفیرا کە بە (گابیوتا) ناسراوە لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی (قهوە برائحە امرأە)، هەروەها ڕۆڵی لە زنجیرەی (المالكە) ئەنجیلیکا ڕیفیرای تەمەن ٤١ ساڵ لە ساڵی ١٩٨٧ بەشداری کرد لە پێشبڕکێی شاجوانی مەکسیك کە بە سەرپەرشتی ڕۆژنامەی (ئیرالدۆ دی مەکسیك) بوو و توانی نازناوی شاجوانی مەکسیك بۆخۆی دەستەبەر بکات، بەمەش دەرگاکان لەبەردەمی واڵا بوون بۆ ئەوەی لە پاڵ ئەستێرەکانی مەکسیك وەك ئیدوارد یانییس و ئادیلا نۆرییگا بەشداری لە زنجیرەی (التحدی العذب)دا بکات.

ریفیرا بەر لە ئینریکی بینیا ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەلبێرتۆ کاسترۆ پێکهێنا کە بەرهەمهێنەری زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانە و ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵ ئەم پێوەندییەی نێوانیان بەردەوام بوو و بوون بە خاوەنی سێ کچ بەناوەکانی سۆفیا، فیرناندا و ڕیجینا و لە ڕۆژی ١١ی دیسێمبەر بە ڕەسمی هاوسەرێتی خۆیان ڕاگەیاند، ئەو زنجیرانەی بەشداری تێدا کردووە ئەمانەن: «بلوغ نجمە»، و«تصویر بریء»، و«ماریانا فی اللیل»، و«أنجیلا).

ساڵی ٢٠٠٧ دوای بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەی جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی و لەو کاتەی کە خەریکی وێنەگرتنی زنجیرەی (دیستیلاندۆ ئەمۆر) بە ڕەسمی جیابوونەوەی خۆی لە ئەلبێرتۆ کاسترۆ ڕاگەیاند.

ساڵی ٢٠١٠ ئەنجیلیکا دووبارە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەگەڵ ئینریکی بیینا نییتوی حاکمی ئەوکاتی ویلایەتی مەکسیك، نییتو هاوسەرەکەی مرد بوو و خاوەنی سێ کوڕ بوو، ڕیفیرا هەر لەپێناو نییتو بە یەکجاری وازی لە کاری نواندن هێنا و هەموو کاتی خۆی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ تەرخان کرد و دوای ئەوەی هاوسەرەکەی سەرکەوت لە هەڵبژاردنەکاندا ئێستا بە خانمی یەکەمی مەکسیك ناسراوە هەرچەندە پێشتر خاوەن ناوبانگێکی زۆر بوو لەسەر ئاستی مەکسیك و وڵاتانی دەرەوەش.

## کارلا برۆنی

کارلا برۆنی هاوسەری سەرۆکی پێشووی فەرەنسا نیکۆلا سارکۆزی بەر لەوەی خانمی یەکەمی ئەو وڵاتە بێت ناودار بوو، ساڵی ٢٠٠٨ ژیانی هاوسەری پێکهێنا لەگەڵ نیکۆلا سارکۆزی و بەوە ناسراوە کە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ٢٠ نمایشکاری جلوبەرگ لە فەرەنسا، چونکە گرێبەستێکی لەگەڵ ئاژانسی (ستی مۆدیل)بەست، ئەو کات تەمەنی تەنیا ١٩ ساڵ بوو، دواتر چەندین کاری سەرکەوتووی لە بواری نمایشکردنی جلوبەرگ ئەنجامدا، لە ساڵی ١٩٩٧ وازی لە کاری مۆدێل هێنا و هەموو کاتی خۆی بۆ مۆسیقا و گۆرانی تەرخان کرد و چەند ئەلبومێکی بڵاو کردەوە، کاتێکیش بوو بە خانمی یەکەمی فەرەنسا وازی لە کاری هونەری نەهێنا و سێیەم ئەلبوومی خۆی بڵاوکردەوە لە ١١ی یۆلیۆی ٢٠٠٨، دوای دۆڕاندنی سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنساش ئەو هەر بەردەوامە لە چالاکییە هونەرییەکانی.

# مەستوورەی ئەردەڵان چۆن گەیشتە هەولێر؟

**پەیکەری مەســـتوورەی ئەردەڵان (کوردستانی) لە (ســـنە)ی سەربە رۆژهەڵاتی کوردستان دروستکرا و لە ناو پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێری پایتەخت جێگیر کراوە. بەشدارانی ئەم راپۆرتەش لەبارەی ئەو خانمە ناودارەی کورد و پەیکەرەکەیەوە زانیاری خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

**گۆڵان**

ژنانی نـــاودارو پڕئاوازەی کـــورد کەم نین، لەبەراییەکانی سەرهەڵدانی کوردیشەوە ئافرەتی پاشـــایان هەبووە. لەسەردەمی ژنسالاری، نینا، شاووشـــکا نموونەی حوکمڕانیی ئافرەتی کورد بوون. لەچاخی میرنشینی کوردانیش ئافرەتانی وەك حەپســـەخانی نەقیـــب و مەســـتووەری ئەردەڵان کاریگەرییان لەســـەر رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتـــی و فەرهەنگی ناوچەکە داناوە. ئەمانـــە نموونەیەکـــن لە ئیـــرادەو و تواناکانی ئافرەتـــی کورد، بەڵام بۆ ئـــەوەی وەڵامی ئەو پرســـیارە بدرێتەوە، کە پەیکەرەی مەستوورەی کوردســـتانی چۆن گەیشـــتە هەولێـــر؟ ئەوا دەبێـــت پێش هەر کـــەس و لایەنێك هونەرمەندو پەیکەرتاشی بەتوانای ئەو پەیکەرەیە راوسەرنجی خۆی دەرببڕێ.

پەیکـــەرەی مەســـتوورەی ئـــەردەڵان کاری شێوەکار و پەیکەرتاشی ناسراوی کورد (هادی زیائەدینی )یەو دووهەم پەیکەرەی بەرهەمی ئەو هونەرمەندەیە کە تایبەت بە باشووری کوردستان دروستیکردووە. وەك خۆی باسیکرد، «بەهاوکاری هونەرمەندان مەهدی زیائەدینی، سەلاح قەجەر ء ئارش یاســـەمەنپوور لەماوەی ٧٠ رۆژ کاری بەردەوامدا پەیکەرەی مەســـتوورەی کوردستانی کە ١٣ تەن کێشیەتی تەوایان کردووەو ٧ساڵ پێش ئێستا هێناویانەتە باشووری کوردستان. شایانی باســـە یەکەم پەیکەرەی هەونەرمەند تەندیسی شێخ مەحموودی نەمرە کە لە شاری سلێمانییەو یەك ســـاڵی تەواو کاری لەسەر کردبوو. هادی زیائەدینی سەبارەت بە پەیکەرەکەی مەستوورەی ئەردەڵان دەڵێت «دروســـتکردنی ئەو پەیکەرەیە کە لەسەر داواکاری دەزگای ئاراس بوو، بۆ منیش بە جۆرێ ناسین و تێکەڵبوونێکی رۆحی لێکەوتەوە، ســـەرکەوتنی پەیکەرەسازیش لەکارەکەیدا، لەوەدایە کە پەیوەندییەکی هەستی و رۆحی لەتەك سووژەکەیدا دروستبکات، ئەوکات دەتوانێت شـــتێکی بەرچاو بخولْقێنێت، من ئەو کات لەشوێنێك کارم دەکرد، هەم کاری ئیداری و هەم کاری پەیکەرەسازیم لەوێ بوو، واتە لەو شـــوێنە کە ماڵی مەســـتوورە خانم بووەو تێیدا ژیاوە». گوتیشـــی «عەمارەتی خەسرەوئاوا لە ســـنە ماڵی مەستوورە خانمی کوردستانی بووە، لە دەرو دەرگا و دیواری ئەو خانووە رۆحی ئەو پەیکەرەیەم وەر گرتووە».

د. عەبدوڵڵا ئاگرین نووســـەر و مامۆستای زانکۆ، لـــە ئاخافتنێکیدا بۆ گـــوڵان لەبارەی گرنگیدان بە ژنانی ناوداری کورد و یەك لەوان مەستوورەی ئەردەڵان، ئاماژە بەوەدەکات کە لەو بوراەدا کارێکی بەرچاو نەکراوە، هەرلەوبارەیەوە بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی:

«چەوسانەوەی کورد هەموو تاکێکی کوردی گرتۆتەوە، بەڵام ئەو زوڵمەی لە ژنی کورد کراوە، زۆر لەو ستەمە زیاترە کە بەرامبەر بەپیاو کراوە، لەبەر ئەوەی ئـــەوان وەك کورد و وەك ئافرەتیش چەوســـانەتەوە، زۆرجاریش لە لایـــەن پیاوانی کوردیشـــەوە چەوســـاونەتەوە ئەو زوڵمە خۆمان لە خۆمان کردووە، ئەگەر لە رابردوو بەشـــێکی ئازادکراوی کوردستانمان نەبووە، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە، باشووری کوردستان ئەو هەلەی بۆ رەخســـاوە کە بە شێوەیەکی زانســـتی ئاوڕ لەو ئافرەتە مەزنانەی کورد بداتەوە، کە لە سەردەمی خۆیاندا کاری مەزنیان کردووە». گوتیشی «لە باشووری کوردستان کە بووەتە مەشغەڵێکی رۆشنبیری بۆ کوردو بە هۆی ئەو دەرفەتەی کە بۆی هەڵکەوتووە، دەبوایە بێجگە لە رێکخستنی یەکجـــار مێهرەجان بۆ مەســـتوورەی ئەردەڵان، بە شـــێوەیەکی زانســـتی بخرێتـــە بەرنامەی خوێندنی ســـەرەتایی تا دواناوەندی، هەروەها لە ئاســـتی خوێندنی باڵاش دەبوایە لە کۆلێژەکان بکرێتە دەرســـێك بۆ خستنەڕووی ئەو جەسارەتە ئەدەبییەی مەستوورە و بڵاوکردنەوەی عەقڵیەتی مەعریفـــی ئەو ئەدیبە کە پێشـــەنگێکی هەرە مەزنی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها پێویستە هانی قوتابی زانکۆش بدەن لە بەحسی زانستی و تەخەروجی خۆیاندا بینووسن و نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر دەربچێت، ئەوەش هەم خزمەتە و هـــەم وەفایەکە بۆ ئەو ئافرەتـــە گەورەیە کە خزمەتی گەورەی بە ئەدەبی کوردی کردووە».

د. قوتبەدین ســـادقی مامۆستای زانکۆ و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای شـــانۆ لەوڵاتی فەرەنســـا، وێڕای رێزگرتن لە دروســـتکردنی پەیکەرەی مەستوورە کوردستانی و ماندووبوونی پەیکەرەتاشـــەکەی، دەڵێـــت «زیندووکردنەوەی مەستوورە وەك ســـمبولێك زۆر پێویست بوو، بۆ ئـــەوەی هەموو کورد و گەلانـــی جیهان بزانن، لە ٢٠٠ ســـاڵی رابردوودا ژنێکی وا درەوشاوەی کورد هەبووە، کـــەی هێمایەکە بۆ ئەوەی ژنی کورد زیاتر بڕوا بە خۆیان بکەن، نەك ژن لەپشت پـــەردەی ماڵان هەر تەنیا بـــزێ ء منداڵداری بکات».

نووســـەر و رۆژنامەنووس موحسین خالیدی رایوایە «یادکردنەوە لەژنانی ناودار و مێژوویی کورد نیشانەی شارستانیەتء پێگەیشتوویی



عەقڵییەتی سیاسی و شعووری کۆمەڵایەتی کوردەو بەهادانە بە ژن و چەمکی یەکسانی. گوتیشی «مەستوورەی ئەردەڵان، یان مەستوورەی کوردستانی کەسایەتییەکی تایبەتی هەیە لەدنیادا، چونکە تاقە ژنە کە لەعالەمی ئیسلامیدا شەرعی نووسیوە، یەکەم مێژونووسی ژنیشە لەهەموو جیهاندا کە ١٧٠ساڵ لەمەوبەر مێژووی نووسیوە».

ئەو رۆژنامەنووسە هێما بۆ ئەوە دەکات کە «مەستووره سەر بە زەمەنێکە کە ئەمارەتی کوردەکان لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوون، واتە زەمانێك کە کورد زەلیل و ژێردەست نەبوو، بەڵام ئێستا زۆر مەحدوودییەت هەیەو بازنەی دەسەڵاتی ژنان زۆر تەسك بووە». گوتیشی «پاش دەسەڵاتی میرنشینی نادادپەروەری باڵادەستەکان و فشارەکانی لەگرێژەدەرچووی تەنانەت ئایینیش هاتۆتە سەر ڕێی ئافرەت، بۆیە بەدەگمەن کەسایەتی وەك مەستوورەمان تێدا هەڵکەوتووە». جەختی لەوەش کردەوە کە «لەپاش مەستووره ژنی کورد بێدەنگییەکی ١٥٠ ساڵەی هەبووەو هیچ بەڵگەیەکیشمان لەبەردەست نییە کە بیسەلمێنێ پێش مەستووره ژنی کورد حەرەکەتێکی فەرهەنگی کردووە، بۆیە ئێستا وەکو هێمایەك، جێگەی سەرنج و ڕێزلێنانە».

شایانی ئاماژەپێدانە رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٩ لەپارکی هەولێر پەردە لەسەر پەیکەرەی مەستوورەی کوردستانی لادرا، کە ژمارەیەك لە هونەرمەندان و رۆشنبیرانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان لەو ڕێورەسمەدا بەشداربوون. هاوکات فیستیڤاڵی بیرئانینی ٢٠٠ساڵەی مەستووره ئەردەڵان بۆ ماوەی چوار رۆژ لەهەولێر بەڕێوەچوو.

**هادی زیائەدینی:**

**لە دەرگەو دیواری خانووەکەی مەستووره خانم رۆحی ئەو پەیکەرەم وەرگرتووە**

**د. عەبدوڵلا ئاگرین:**

**پێویستە مەستووره نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر دەربچێت، ئەوە هەم خزمەتە و هەم وەفایەکە بۆ ئەو ئافرەتە گەورەیە**

**د. قوتبەدین سادقی:**

**مەستووره هێمایەکە بۆ ئەوەی ژنی کورد زیاتر بڕوا بەخۆی بکات، نەک تەنیا لەپشت پەردەی ماڵان بژێ و منداڵداری بکات**

**موحسین خالیدی:**

**نادادپەروەری باڵادەستەکان و فشارەکانی لەگرێژەدەرچووی تەنانەت ئایینیش هاتۆتە سەر ڕێی ئافرەت، بۆیە بەدەگمەن کەسایەتی وەک مەستووره هەڵکەوتووە**

